# گەشتێک بە ڕۆژنامەکانی تورکیادا (٩)

بەکـــر شوانی
bschwani@hotmail.com

## ڕۆژنامەی "یەنی شەفەق" ٢٠٠٣/٣/١٠

### ڕاستیەکانی باکوری عێراق و یاداشتی دووەم

دکتۆر حوسنی مەحلی:

(لە وتاری دوێنێماندا سەبارەت بە باکوری عێراق پەنجەمان خستە سەر هەندێک خاڵ. ئەمڕۆش پەیوەست بە هەمان ئەو خاڵانە، چاو بە پێشهاتەکانی هەفتەدا دەگێڕین بۆ ئەوەی بزانین پەیوەندیان بە یاداشتی دووەمەوە هەیە یان نا:

١- ئەگەر ئەمەریکیەکان نەبوونایە، ئەوا کوردەکان نەیاندەتوانی بەهیچ شێوەیەک ڕێپێوان لەدژی تورکیا ساز بکەن و ئاڵای تورکیا بسوتێنن.

٢- ئەوە خودی ئەمەریکیەکان بوون کە کوردەکانیان بەر لە ناردنی یاداشتنامە بۆ پەرلەمان گەیاندە ئەم حاڵە. ئەی مەگەر ئەمەریکیەکان خوازیار نەبوون کە یاداشتەکە پەسەند بکرێ!

٣- ئەمەریکا کە تورکیا بە دۆست و هاوپەیمان دادەنێ، تۆ بڵێی بۆچی بەمجۆرە ڕەفتار بنوێنێ! یاخود ئەمەریکا دەیویست تورکەکان بۆ شەڕی کوردەکان بباتە باکوری عێراقەوە. .

٤- سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا تۆنی بلێر کە پێری وتی کوردەکان لە تورکەکان دەپارێزین، لەوە دەچێ لەبیری چوبێت کەوا هێزی چەکوش کە ماوەی ١١ ساڵە لەبەر هەر هۆیەک بێت کوردەکان دەپارێزێ، بارەگاکەی لە تورکیایە. یاخود تۆ بڵێی بلێر خەیاڵی ئەوەی هەبێ و هەر وەکو چۆن باکوری عێراق داگیردەکات، ئاواش تورکیا داگیردەکات. .

٥- تۆ بڵێی بۆچی فەرماندەی شەڕی چاوەڕوانکراوی دژ بە عێراق تۆمی فرانکس باس لە ئەگەری شەڕی نێوان تورک و کورد بکات. .

٦- ئەمەریکیەکان کە دەزانن سوپای تورکیا لە ساڵی ١٩٩٦ەوە لە باکوری عێراقە، ئایا بۆچی ئێستا دژایەتی ئەم هەبوونە دەکات. یاخود دەیانەوێ هەر خۆیان عێراق داگیربکەن و باکور بدەن بە کوردەکان) . .

---

## ڕۆژنامەی "یەنی شەفەق" ٢٠٠٣/٣/١٠

### کەرکوک دەبێتە بۆسنە

هەواڵ:

(نوێنەری بەرەی تورکمان لە لەندەن مستەفا کەمال یایچیلی وشیاری دا کە شیمانەی ئەوە دەکرێ لە باکوری عێراقدا شەڕێکی لە جۆری شەڕی بۆسنە بقەومێ و وتی: تورکمانەکانی هەرێمەکە تەنیا



www.kurdistannet.org کوردستان نێت

گروپی بێ چەکن و دەبێت تورکیا لە هەرێمەکە بێت. لە کاتێکدا دنیا چاوی بڕیوەتە ئۆپەراسیۆنی چاوەڕوانکراوی دژ بە عێراق، کەرکوک کە بە شادەماری عێراق دادەنرێ، گەمەی جۆراوجۆری لەسەر دەکرێ. یایچیلی وتی بارزانی و تاڵەبانی بەجیاواز خۆیان پڕ چەک دەکەن و تەنانەت لە ڕێگای سوریاوە تۆپ و چەکی گرانیان هێناوە. یایچیلی وتی گروپەکانی کورد لە باکوری عێراق و بە تایبەتیش هیچ حسابێک بۆ ژمارەی تورکمەن و عەرەبەکان ناکەن و بۆ دەستگرتن بەسەر شارەکەدا بە نیازی شەڕن و ئامادەکاریی تەواویشیان بۆ ئەم مەبەستە ئەنجامداوە. هەروەها وتی "هەرێمەکە نوقمی خوێن دەبێت. کەرکوک هێشتا لەژێر دەستی عەرەبەکانی لایەنگری سەدام حسێندایە. بە پێی ڕێکەوتنەکان کورد و عەرەب و تورکمەن چەک هەڵناگرن. بۆیە یەکەمین گروپی چەکدار کە دەچێتە شارەوە، کۆنترۆڵی دەکات") .

---

## ڕۆژنامەی "ستار" ٢٠٠٣/٣/١٠

### نارنجۆک بە پێنج دۆلار، کلاشینکۆف بە پەنجا دۆلار

یوسف ئەرئۆغلۆ:

(ئێرە بازاڕێکی باکوری عێراقە. . . بەڵام، لەم بازاڕەدا میوە و سەوزە نابینرێ. لە هەولێر بە نرخی فاسۆلیای تەڕ لە تورکیا، بۆمبا دەستدەکەوێ. بازاڕی چەکی هەولێری ژێر کۆنترۆڵی بارزانی، بەجوڵەترین ڕۆژەکانی مێژووی خۆی دەگوزەرێنێ. هەولێریەکان ئاشکرا و ڕاشکاوانە دەڵێن ئەم چەکانە بۆ بەرپەرچدانەوەی سوپای تورکیا دەکرێ) .

www.kurdistannet.org کوردستان نێت